سەرۆکی ئەمریکا بەیاری زیادکردنی باجی گومرگی لەسەر هیندستان واژۆ کرد

سەرۆکی ئەمریکا فەرمانی سپاندنی باجی بەسەر وڵاتی هیندستاندا واژۆکرد و ٢٥٪باجی بەسەر ئەو وڵاتەدا سپاند. حکومەتی هیندستانیش رایگەیاند، "بەیاری زیادکردنی باج لەسەر کاڵاکانمان جێگای داخە و هەرچی پێویست بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان، دەیکەین".

ئەمە چوارشەممە، دۆناڵد ترەمپ فەرمانی زیادکردنی ٢٥٪باجی زیادەی بەسەر هیندستاندا سپاند، بەهۆی ئەوەی کە هیندستان نەوت و گاز لە رووسیا دەکڕێت.

هاوکات حکومەتی هیندستان لە راگەیەندراوەکدا دەڵێت، ڕەوشوێنەکانی ئەمریکا نادادپەروەرانەن و ناهەواو و نالەژیکین، ڕەوشوێنی پێویست دەگرنەبەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەنیشتمانییەکانیان.

دوای ئەم بەیارەی ترەمپ ڕێژەی باجی سەر هیندستان دەبێتە ٥٠٪چونکە پێشتریش ٢٥٪باجی بەسەردا سپاندبوون، وابەیارە فەرمانەکە لە دوو بۆ سێ هەفتەی داهاتوودا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.